# تۆمەتباری سێهەمی کوشتنی بەناز نێردرایەوە بۆ بەریتانیا

## حاکم لەتیف شێخ مستەفا: مافی خۆمە داوای یاسای تۆمار بکەم بۆ ئەم چەواشەنامەیەی بڵاوکراوەتەوە

■ ئا: سارا قادر

**دادگای تاوانەکانی سلێمانی بە سەرۆکایەتی حاکم سەروەرو هەر دوو حاکمی ئەندام حاکم عەبدولرزاقو حاکم شێخ لەتیف لە ڕۆژی ٢٥/٦/٢٠٠٨و لە سێهەمین دانیشتنی دادگادا بە بڕیاری ناردنەوەی تۆمەتباری هەڵاتوو بە کوشتنی بەناز بۆ وڵاتی بەریتانیاو کۆتایی بە دادگاییکردنەکە هێنا.**


بەناز


ئەو جانتایەی کە تەرمی بەنازی بە پارچە پارچە کراوی تیا دۆزرایەوە

**با کوردستان نەبێتە مۆڵگەی ژنکوژان**

مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٦ چوار پیاوی کورد چونە ماڵی بەناز لەلەندەنو لەنێوان خۆیاندا بۆ ماوەی دوو سەعات دەستدرێژی سێکسیان کردەسەر. لەدوایشدا بە قەیتانی پێڵاو خنکاندیانو بەناوی «ناموسەوە» کوشتیان. سێ مانگ دوای کوشتنی بەناز پۆلیسی بەریتانی تەرمی بەنازیان لە ناو جانتایەکدا دۆزییەوە کە لەژێر گڵدا شاردرابۆوە. مامی بەناز (ئ.م)و باوکی (م.م) هەردوکیان بەتاوانی کوشتنی بەناز بە ٢٥ ساڵ زیندانی حوکمدران. دوو کەسیتر کە لەم تاوانەدا بەشداربوون، (م.ع.س)و (ع.ح) هەڵهاتن بۆ سلێمانی.

پێش دەستپێکردنی دانیشتنی دادگای تاوانەکانی سلێمانی بۆ حوکمدان لەو کێشەیەدا کۆمەڵێک ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤو مافی ژنان، بەیانامەیەکیان بەناوی «با کوردستان نەبێتە مۆڵگەی ژنکوژان» لەلەندەن بڵاوکردەوە. لەو بەیانەدا هاتووە «مامی بەنازو باوکی هەردووکیان بەتاوانی کوشتنی بەناز بە ٢٥ ساڵ زیندانی حوکمدران، دوو کەسیتر کە لەم تاوانەدا بەشداربوون ڕایانکردوە بۆ سلێمانیو بە شانازییەوە باسیان لەوە کردووە کە گوایە ترسیان نییە، چونکە سیاسەتمەدارێکی پایەبەرز لە یەکیەتیدا (کە بەناو ناویان هێنابوو) پارێزگارییان دەکات».

هەروەها بەیاننامەکە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات «خاتوو هێرۆ تاڵەبانی، دەسەڵاتی بەریتانییەکانی دڵنیاکردۆتەوە لەوەی کە ئەو دوو تۆمەتبارە دەنێردرێنەوە بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی وەڵامی دادگای بدەنەوە بەرامبەر تاوانکارییەکەیان. هەروەها وەزیری ناوخۆی ئەوکاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاک عوسمان حاجی مەحمود هەردوو تۆمەتبارەکەی دەستگیرکردووەو ئامادەیە تەسلیمی دەسەڵاتی بەریتانیان بکاتەوە».

حکومەتی بەریتانیا بۆ داواکردنی ئەم دوو تۆمەتبارە بەڕەسمی پشتی بەو ڕێکەوتننامەیەی بەستووە کە لەسەر تەسلیمکردنەوەی تاوانباران لە نێوان بەریتانیاو عێراقدا مۆرکراوە.

لە مانگی دوانزەی ساڵی ٢٠٠٨دا، حکومەتی مەرکەزیی عێراقو حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگەشەی حکومەتی بەریتانیایان کرد بۆ تەسلیمکردنەوەی بە بەریتانیا، لە دواساتدا، هەر پێش گەیشتنی بەریتانییەکان بۆ سلێمانی حکومەتی هەرێم ڕەفزی ئەوەی کرد کە یەکێک لەتۆمەتبارەکان بداتەوە بە حکومەتی بەریتانیا لەبەرئەوەی گوایە حکومەتی عێراقی خەلەلێکی یاسایی کە پێشتر نەزانرابوو دۆزیوەتەوە.

بەپێی بەیاننامەکەی ئەم ڕێکخراوانە «لە ١٨ی مانگی شەشی ٢٠٠٩ دا بەهۆی چەند هۆیەکەوە کە تەنها لای حکومەتی هەرێمو دادگای باڵای سلێمانی زانراوە، لە دانیشتنێکی دادگادا بە سەرۆکایەتی حاکم شێخ لەتیف بڕیاری ئەوە دەدەن کە کار بە بڕیارەکەی بەغدا نەکەن بۆ ناردنەوەی تاوانبارەکە بەناوی ئەوەی کە عێراق نابێ هاوڵاتی خۆی تەسلیم بکاتەوە».

لەبەیاننامەکەدا هاتووە «لە مانگی دوانزەی ٢٠٠٨دا حکومەتی هەرێم تەسلیمکردنەوەکەی تۆمەتبارەکەی ڕاگرتووە لەسەر ئەوەی کە بەغدا ڕازی نابێت، ئێستا بەغدا بڕیاری تەلسیمکردنەوەی ئەم تاوانبارەیداوە کەچی حکومەتی هەرێم ئەمجارەیان بەپێی بڕیارەکەی بەغداد ناڕوات. ئەم پێچەوانەییە (تناقچ) ئەوە دەردەخات کە- لەبەر هەر هۆیەک بێت — حکومەتی هەرێم نایەوێت ئەو تۆمەتبارە تەسلیم بکاتەوە».

هەروەها بەیاننامەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «بەڕێزان جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانی چەندەها جار ئەو بەڵێنەیان تازەکردۆتەوە کە خۆیان بە شەخسی کار لەسەر ئەوە بکەن کە بکوژانی ژن بەناوی ناموسەوە بە سزای خۆیان بگەن. دەبێت بە کرداریش وتەکانیان بسەلمێننو دەریخەن کە چەند بەتەنگ ئەم کێشەیەوە دێنو کاری بۆدەکەن. بۆیە ئێمە چاوەڕوانین ئەو تۆمەتبارە بنێرنەوە بۆ بەریتانیا».

ئەندامی دادگای تاوانەکانی سلێمانی حاکم لەتیف شێخ مستەفا سەبارەت بەو بڵاوکراوەیەی سەرەوە کە لەهەندێک ڕۆژنامەو سایت هەرێمیشدا لەژێر ناونیشانی (باکوردستان نەبێتە مۆڵگەی ژنکوژان) بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت «هەموو ئەو زانیارییانەی لەسەرم بڵاوکراونەتەوە هەڵەنو دوورن لەڕاستیەوە، چونکە من حاکمی دەستەچەپی دادگاکەم، دادگاکە بە سەرۆکایەتی حاکم سەروەر بووە. دواتر ئەوەی کە لە نوسینەکەدا هاتووە گوایە من دادگایەکم ساز کردووە، ئەوەی ئەلفو بێی یاسا بزانێت لەوە تێدەگات کە یاسا دادگا ساز دەکات. هەروەها، تەسلیم کردنەوەی تۆمەتبارێک بە وڵاتێکی بێگانە ئیجرائاتی تایبەتی خۆی هەیەکە لە قانونی ئوسوڵی محاکەماتدا دیاریکراوە. لە ڕێگەی وەزارەتی دادەوە ئەویش دادگایەکی تاوان دیاری دەکات بۆ بڕیاردان لە کێشەکە، وەزارەتی دادیش دادگاکەی ئێمەی دەستنیشان کرد بۆ بەدواداچونی ئەو کێشەیە».

ئەم دادوەرە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت «لە سێ دانیشتنی دادگاییەکە کۆتایی پێهاتو بڕیاری دادگا ئەوەبوو کە تۆمەتبارەکە بنێرێتەوە بۆ وڵاتی بەریتانیا، چونکە کێشەکە لەوێ ڕویداوە، شاهێدەکان لەوێن، تۆمەتبارەکانی تر لەوێ حوکمدراونو بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانو ئەو پەیماننامانەی لە نێوان عێراقو وڵاتی بەریتانیادا هەیە بڕیارماندا بینێرینەوە».

شێخ لەتیف بە سەرسورمانەوە تەماشای ئەوانە دەکات کە ئەو یاداشتەیان نوسیوەو بڵاویانکردۆتەوەو دەڵێت «پێشوەختو پێشئەوەی دادگا بڕیار بدات ئەوان حوکمی خۆیان داوەو دەڵێن دادگا بڕیاریداوە بە تەسلیمنەکردنەوەی تۆمەتبار، بەڕاستی ئەم قسەیە جگە لەوەی هەر کەسێ پێیگەیاندبن نەک هەر جاهیلە، بەڵکو دەیەوێت بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی ڕێکخراوەکانو ڕای گشتیش چەواشە بکاتو کاریگەری بخاتە سەر دادگاو بڕیارەکەی ئینحراف پێبکات».

ئەو دادوەرە ڕەخنە لەمیدیاکان دەگرێت کە ئەم جۆرە هەواڵە هەڵانە بڵاودەکەنەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دەبوایە یان سەردانێکی دادگایان بکردایە یان بە تەلەفۆن زانیارییەکانیان پشتڕاستکردایەتەوەو، بیانزانیایە کێ سەرۆکی دادگایە.

حاکم شێخ لەتیف پێیوایە بڵاوکردنەوەی هەواڵی لەم چەشنە ناوناوبانگ زڕاندنەو دەڵێت «جۆرێکە لەتەشهیر بەرامبەر منو دادگاش کراوە، فشاریشە بۆ سەر بڕیارەکانی دادگا، چونکە بەگوێرەی یاسای سزادانی عێراقی نەدەبوو بڵاویبکەنەوە تا دوا بڕیاری دادگا دەرنەچێت، ئێستا من وەکو دادوەرو وەک شەخسیش مافی خۆمە کە سکاڵا بکەم کە ئەم چەواشەنامەیەیان بڵاوکردۆتەوە».

# تەجاوزکەر یان کارەکەر

■ ژنە فەرمانبەرێک

لەمیانەی بانگەشەی هەڵبژاردندا هەموو لیستەکان هەر یەک بۆ خزمەتی لیستەکەیو دڵنیابوون لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر، بڕیارو بەڵێنی نوێ دەدەن. لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا دکتۆر بەرهەم سەرۆکی لیستی کوردستانی ڕایگەیاند هەموو ئەو خانووە تەجاوزانەی ناو شاری سلێمانی تاپۆ دەکرێت لەسەر ئەو خێزانانەی نیشتەجێن تیایدا، لەوانە خانووەکانی کەڵەکنو... هتد.

هاوڕێیەکم هاتوباسی لەبارودۆخو گوزەرانی خۆیو خێزانەکەی کرد کە خاوەن ماڵەکەیان ماوەیەکی زۆرە داوا دەکات یان بڕۆن یان دەبێ کرێکەی بۆ زیاد بکەن! بۆیە وتی خۆزگە یان کارەکەر بومایە لەماڵە مەسئولێک یان تەجاوزکەر، ئەوسا دەبوومە خاوەن زەوی یان دەبێ بچمە قەزاو ناحیەکان.

هەر ماوەیەک لەمەوبەر لەدیدارێکی تەلەفزیۆنیدا بەڕێز عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەمیانەی هەڵمەتی هەڵبژاردنو دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکو ڕێکخستنەوەی چۆنیەتی خزمەتکردنی هاوڵاتیان، ئاماژەی بەوەداوە کە لەمەودوا چیتر زەوی لەناو شاردا دابەشناکرێت، چونکە چیدی شار تەحەمول ناکات.. ئەمە ڕاستە بەڵام پاش چی؟ لەدوای ڕاپەڕینو دەستبەکاربوونی حکومەتی هەرێم بەهەردوو ئیدارەکەیەوە بەگوریسو دۆنم زەوی دابەشکرا بەسەر هەموو ئەو کەسانەی دەنگە گەنمێکی پاشایان خواردبوو، هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ بەرپرسەکاندا هەبوو هەر جۆرێک بێت لەپەیوەندی، تەنانەت جاشو مستەشاریش بوون تادەگاتە ئەو ئافرەتانەی نیشانەی پرسیاریشیان لەسەر بوو، ئەم وەزیرو ئەو وەزیر زەوی پێدان، هەروەها کارەکەری ماڵە بەرپرسەکانیش زەوییان وەرگرت، بۆ زۆریان موڵکی ئەوان بێتو ئەوان بۆیان هەیە پیاوەتی بەسەر زەوی ئەم وڵاتەوە بکەن، بەڵام بەرامبەر ئەمان بەهەزاران فەرمانبەرو مامۆستاو خەڵکێک کە سازشی نەکردبێت لەگەڵ ئەم دوو حیزبەدا بێبەشکراون لە خێرو بێری وڵات، تەنانەت ئەگەر حەقی خۆشیان بێت؟

منو ئەو هاوڕێیەم لەڕۆژانی سەختی خەباتدا تەنزیمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووینو بەشداریمان لەهۆشیارکردنەوەو لایەنگر زیادکردندا دەکرد، لەخەمی وڵاتدا بووین لەموزاهەرەکانی زانکۆ لەهەولێر بەشداریمان کردو گیراینو بەربووینو بەردەوامیشبووین لەخزمەت. پاش ئەوەی منو ئەوانەی وەک منن بوونە فەرمانبەری حکومەتو زیاد لەپانزە ساڵیشە خزمەتمان هەیەو زیاد لەتەمەنی حکومەتی هەرێمیش خاڵمان هەیە، حەقی خۆمانە پارچەیەک زەویمان لەشارەکەماندا هەبێت، بەڵام دیارە ئەوشمان پێڕەوا نابینن دەبێ ئەگەر دوای ١٠ ساڵ کە وەرمانگرت بچینە قەزاو ناحیەکان!

بەداخەوە نە کارەکەری ماڵەگەورەکان بووین، نە دەستو پێوەندیانو نە تەجاوزکاریش تا بیرێکمان لێبکرێتەوەو لەلایەن حکومەتەکەی خۆمانەوە زەویمان پێبدرێت، بۆیە ئێمە خاوەنی حکومەتێکین کە تەجاوزکارو کاسەلێسی لا مەبەستە لەخەڵکە نیشتمانپەروەرەکەی.

# عەبدوڵا ئۆجەلان: ئافرەت ئازاد نەبێت هەرگیز کۆمەڵگاو نەتەوەش ئازاد نابن

■ سازدانی: سەمیرە عەلی

کەم نین ئەو مەزنە مرۆڤانەی کە بە هێمنی و بێدەنگی لەکونجێکی ئەم ژیانەدا سەرقاڵی خۆپەروەردەکردنو ئەنجامدانی کاری ناوازەن، ئەم بۆچوونەشم هەروا سەرپێییو لەخۆوە نییە، بەڵکو دەرئەنجامو هەڵقوڵاوی خوێندنەوەی پەرتووکی «عەشقی کورد»و ئاشنابوونمە لەگەڵ خاتوو «ئەستێرە»دا. پەرتووکی «عەشقی کورد» یەکێکە لە پەرتووکەکانی عەبدوڵا ئۆچ ئالان کە ئەو خاتوونە زرنگە کاری وەرگێڕانی لەزمانی تورکیەوە بۆکوردی بۆ بە ئەنجام گەیاندووە. پەرتووکەکە باس لەعیشقێک دەکات کە دووڕوویییەتی تێدانەبێت، لەگەڵ بەڕێوەچوونی سیاسەتو سەرکەوتندا گرێدرابێت، جۆرێک لەئافرەتان بەگەنجینەیەکی گەورەو هێزی بزوێنەری ژیان دەزانێت: کە تایبەتمەندییە جەستەیی، سیاسی، ڕۆحی، هزری، کلتووری، ئێستاتیکییو شۆڕشگێڕییەکانی پێشخستبێت. خاتوو «ئەستێرە عەبدولجەبار» لەدایک بووی ١٩٨٠ ی شاری سلێمانییە. وەک خوێندن دواناوەندیی تەواو کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە لە بواری ڕێکخراوەکانی ژنانو ڕاگەیاندنو وەرگێڕاندا کاردەکات، ئێستاش خاوەنی ئیمتیازی «تروسکە«یە کە نیومانگییەکی تایبەتە بە ژنان، سەبارەت بەم پەرتوکە دەدوێت.

سەمیرە: خاتوو ئەستێرە دەکرێت پێمانبڵێی بۆ پەرتووکی «عەشقی کورد»ت هەڵبژارد بۆ وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی؟

ئەستێرە: عەشقی کورد یەکێکە لەو دەیان پەرتوکانەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆج ئالانە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئافرەت بەسیاسەت، کۆمەڵگا، ڕێکخستن، فەلسەفە، ژیانو لەوێشەوە بەعەشقو خۆشەویستی ڕاستەقینەوە ڕوندەکاتەوە. واتا کێشەی ئافرەتو ئازادییەکەی وەک کێشەی ئافرەتان بەتەنها ناگرێتە دەست، بەڵکو وەک کێشەی سەرەکی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتیو هەماهەنگ لەگەڵ بوارەکانی ترداو بێ ئەوەی لەوانیان دابڕێت شیکردنەوەی بۆ دەکات. باس لەعەشقێکی تیرۆرکراو دەکات کە ئافرەتە. ئەوە شیدەکاتەوە کە بەژێردەستەکردنو کۆیلەکردنی ئافرەت چۆن کۆمەڵگاو گەلانو مرۆڤایەتیش ژێردەستکراوەو دەچەوسێنرێتەوە. لێرەشەوە چۆن عەشق لەناوبراوەو ئەوەی لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێدا وەک عەشق پیشاندەدرێت ڕووکەشو خەڵەتێنەرانەیە. بۆیە کارکردنو خۆتەرخانکردن بۆ ئازادبوونی ئافرەتو گەلانو مرۆڤایەتی بەفەنابوون لەعەشقدا دەژمێرێت. لەهەمانکاتدا چیرۆکی ژیاندنەوەی عەشقە. لەبەرئەوەش پیشاندانی تەقینەوەیەکی زهنییە لەپێناو پێشکەوتنی کردەییانەی ئافرەتاندا. لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەم شیکردنەوانە وابەستە بەکێشەی ئازادبوونی ئافرەتەوە، پیاوێتی دەخاتە ژێر پرسیارەوەو لێیدەپێچێتەوە. ئەوە دەخاتەڕوو پیاوێتی بەهەموو جۆرە عەشایەرو خوێنەوارو ڕۆشنبیرەکانییەوە کە لەسەر بنەمای باڵادەستیو خۆزاڵکردن بەسەر ئافرەتدا هاتۆتە کایەوە، چەندە چەمکێکی پوچو سەقەتەو بۆیە دەبێت لەناوببرێت. هەر بەشیکردنەوەی هۆکارە هەمەلایەنەکانی کێشەکەوە ڕاناوەستێت، بەڵکو بۆ چارەسەری کێشەکە خاڵ لەسەر پیتەکان دادەنێت. بەشێکی گرنگی فۆرموڵە تایبەتو تاقانەکەی سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەی ئافرەت تێدا پێشکەش دەکرێت، کە بریتییە لەوەی لەنێوان چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد بەناسنامەی کۆمەڵگاکەیەوەو چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەتدا لەپێشینەیی دەداتە کێشەی ئافرەت. هەر بۆیە لەگەرمەی تێکۆشاندا لەپێناو بەدەستهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی کورددا بەڕێوەبردنی پێویستییە کردەییەکانی گەیشتنە لوتکەی تێکۆشانی ئازادی ئافرەت، ورد ورد پێشکەش دەکات، لەکاتێکدا کێشەی ئافرەت بەکێشەیەکی گەردوونی لەقەڵەم دەداتو کێشەی نەتەوەیی بەکێشەیەکی جیهانی دەژمێرێت، بەڵام هەرگیز بەجۆرێک کارکردن لەسەر کێشەکان بەڕاست دانانێت کە لەپێشینەیی یەکێکیان لەبایەخی ئەوەکەی تریان کەمبکاتەوەو بۆ هەر یەکەیان وەک پێویست تەرخانکردنی وزەی کارکردنو یەکپارچە بەڕێوەبردنی تێکۆشان بۆیانو



کتێبی عەشقی کوردی عەبدوڵڵا ئۆجەلان

دانەبڕنیان لەیەکتری بەبنەمای سەرەکی دادەنێت. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە چونکە وەک لەئەزموونی بزووتنەوە جیهانییەکانی تردا بینراوە کێشەی ئافرەت وەک یەکێکو بەشێک لەکێشەی کۆمەڵگاو نەتەوە خوێندنەوەی بۆ ناکرێت، وەک کێشەیەک کە دەبێت دوای چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی چارەسەر بکرێت ناگیرێتە دەست. کێشەی ئافرەت بەکێشەی خودی کۆمەڵگا دەژمێرێت. پێیوایە ئافرەت ئازاد نەبێت هەرگیز کۆمەڵگاو نەتەوەش ئازاد نابن. بۆیە ئازادییەکی نەتەوەییش کە لەتێکۆشانێکی وەهاوە بێتە کایەوە ئازادییەکی ڕاستەقینە دەبێت، نەک ڕووکەشانەو لەژێرەوەش وابەستەو داشی سەردەستانو زلهێزەکانی جیهان بێت. لێرەوە ئەگەر بمانەوێت بزانین دەسکەوتێکی نەتەوەیی کەوتۆتە خزمەت ئازادی ڕاستەقینەی کۆمەڵگاو تاکەوە دەبێت تەماشای ڕەوشی ئافرەت بکەینو بۆ یەکلاییکردنەوەی، ڕەوشی ئافرەت بەبنەما بگرین. هەر لێرەوە پێموایە کە ئەم پەرتوکە نەک هەر دەروازەیەکی ناوازەیە بۆ خوێندنەوەیەکی تازە سەبارەت بەئازادی ئافرەت، بەڵکو دەروازەیەکی ناوازەشە کە بتوانین لەسەر ئەو بنەمایەی ئاماژەم پێکرد هەڵەو کەموکوڕی سەرەکی ئەزموونی ١٨ ساڵەی دەسەڵاتی کوردیو خەباتی چەندین ساڵەی پێشتری کوردایەتیشمان لەم پارچەیەی کوردستاندا هەڵبسەنگێنین. ئەمە یەکێک بوو لەپاڵنەرە سەرەکییەکان بۆ وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە.

سەمیرە: پێتوایە ئەو پەرتووکەی ئۆچ ئالان چارەسەری پێیە بۆ کێشەکانی ئافرەتی کۆمەڵگەی کوردی و لەئاست گەورەیی ئەو کێشەکانە دایە؟

ئەستێرە: هەڵبەتە پێویستە گەڕان بەدوای چارەسەریدا بۆ کێشەیەک، بە ئەندازەی قوڵیی کێشەکە قووڵ بێت. ئەمەش بەو واتایەدێت کە تا چارەسەربوونی پێویستی بەتازەکردنەوەی لێکدانەوەو پێشخستنی پێشنیار پرۆژەی نوێ هەیە، کێشەی ئافرەتیش کێشەکە کە بەو ئەندازەیەی کێشەیەکی مێژوویییە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیو ئایدیۆلۆژییشە بۆیە هەمان پێویستی هەیە. ئێمە دەتوانین لە ڕێی دوو خاڵی سەرەکییەوە لەوە دڵنیا ببین کە ئەم پەرتوکە لە ئاستی کێشەکانی ئافرەتاندایە یان نا؟ یەکەمیان دەبێت دڵنیابین لەوەی بەدیدگایەکی نێرسالارانە نەنوسراوە، دووەمیشان لەو ڕووەوە هەڵیبسەنگێنین کە تا چەندە توانای تەیارکردنی ئافرەتی لەهەموو ڕوویەکەوە پێیە. خاڵی هەرە گرنگ کە لەچارەسەرکردنی کێشەی ئافرەتدا ڕۆڵ دەبینێت خودناسیی ئافرەتە بۆ خۆی. بەواتایەکی تر پەروەردەیە. سەرباری ئەوەی پەروەردەکردنو خۆپەروەردەکردن بۆ هەموو کەسێک لەو ڕووەوە گرنگە کە ئەگەر لێی بێبەری بێت بەمرۆڤبوونی خۆی نامۆو بیانی دەبێت، بۆ کەس یان چینو توێژێکی وەک ئافرەتیش کە کێشەیەکی وەها قوڵی هەیە، مەرجێکی سەرەکیو بنەڕەتییە. چونکە ئێمە سەرباری نامۆبوون بەخۆمان پێویستیمان بەخۆئامادەکردنو خۆتەیارکردن هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاستەنگییانەی لەڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکەماندا دێنە بەردەممان. من پێموایە ئەم پەرتووکە لەڕووی هەردوو خاڵەکەوە لە ئاست کێشەکانی ئافرەتاندایە. بە تایبەت کە هەڵدەستێت بەشیکردنەوەی ئەو تەڵزگانەی بۆ کۆیلەکردنی ئافرەت لەهەموو بوارەکاندا نراونەتەوەو بەرامبەر بەمەش بڕوای ئافرەت بەهێزی خودیانەی خۆی دەژێنێتەوەو هۆشیارییەکی تازەمان سەبارەت بەعەشقو خۆشەویستی دەداتێ. پیشانمان دەدات کە چۆن بەهۆی واقعی کۆمەڵایەتیمانەوە عەشق ناچار دابەش دەبێت بەدوو پۆلێنی باڵاو هەرزانەوە، فێرمان دەکات کە لە چ ڕێگایەکەوە بەعەشقی باڵا دەگەینو چۆن نەهێڵین لەژێر ناوی عەشقێکی هەرزاندا ئارەزووی تێکۆشانمان بۆ ئازادی ڕەگەزو کۆمەڵگا لەدەست بسێنرێتەوە. دەمانخاتە سەر ڕێگای ئارەزوو و هەستێکی گەردوونیانە بۆ دۆزینەوەی ئەو عەشقەی تاکە دەرمانی برینە مێژوویییەکانی خۆمانو گەلەکەمانە. وەک خودی خۆم لەکاتی خوێندنەوەو وەرگێڕانی پەرتووکەکەدا لەزۆربەی زۆری جێگاکانیدا هەستمدەکرد باسی چیرۆکی ژیانی من دەکات. هیچ گومانم لەوەش نییە کە هەر ئافرەتێک بیخوێنێتەوە پارچەیەک لەخۆیی تێدا دەدۆزێتەوە.


ئەستێرە عەبدولجەبار